به ترساندن سەرخراوم، وکلیلەکانی زەویم پێبەخشراوە، وناونراوم ئەحمەد، وخاکی سەر زەوی کراوە بە پاککەرەوە بۆ من، وئومەتەکەم کراوە بە باشترین ئومەت

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی پێم بەخشراوە بە هیچ یەکێک لە پێغەمبەران نەبەخشراوە»، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوە چییە؟ فەرموو: «بە ترساندن سەرخراوم (ترس خستنە نێو دڵی دوژمن پێش ڕووبەڕووبونەوەیان)، وکلیلەکانی زەویم پێبەخشراوە، وناونراوم ئەحمەد، وخاکی سەر زەوی کراوە بە پاککەرەوە بۆ من (بۆ تەیەموم کردن)، وئومەتەکەم کراوە بە باشترین ئومەت».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەوەی پێم بەخشراوە بە هیچ یەکێک لە پێغەمبەران نەبەخشراوە): هەموو یەکێک لەمانەی کە باسکراوە پێشتر) نەدراوە بە هیچ کەسێکی تر. (بە ترساندن سەرخراوم -ترس خستنە نێو دڵی دوژمن پێش ڕووبەڕووبونەوەیان-): واتا دوژمنەکان لێم دەترسن، وئەمیش بووەتە هۆی پچڕانی دڵی دوژمنەکان ولاوازبوونی هێزیان وپەرتەوازەکردنی کۆبوونەوەیان. (وکلیلەکانی زەویم پێبەخشراوە): واتا ئەو هۆکارانەی پێبەخشراوە کە دەبێتە هۆی کردنەوەی داخراوەکان ئەوانەی سەخت وناڕەحەتە گەیشتن پێیان. (زەوی): لێرەدا ئاماژەیە بۆ پەیمانی خوای گەورە بەوەی خاک و وڵاتان فەتح وڕزگار بکرێن وبێنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە. (وناونراوم ئەحمەد): پێش ئەو هیچ کەسێک ناونەنراوە بە -ئەحمەد:أحمد- ئەمیش بۆئەوەی خوای گەورە پەیامەکەی بپارێزێت لە گومانی دڵە لاوازەکان چونکە ئەو وەسفکراوە بە -ئەحمەد- لە کتێبەکانی پێشوودا. (وخاکی سەر زەوی کراوە بە پاککەرەوە بۆ من -بۆ تەیەموم کردن-): لە کاتی دەستنەکەوتنی ئاودا -یان نەتوانرێت بەکاربهێنرێت بەهۆی هەر هۆکارێکی ترەوە-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10025